نوێژم لە پشتی هیچ یەکێکەوە نەکردووە کە نوێژکردنی لە نوێژکردنی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- بچێت وەکو فڵان؛ نوێژمان لە پشت ئەو مرۆڤەوە کرد، ولە نوێژی نیوەڕۆدا دوو ڕکاتی یەکەمی درێژ دەکردەوە، ودوو ڕکاتی کۆتایی کورت دەکردەوە

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «نوێژم لە پشتی هیچ یەکێکەوە نەکردووە کە نوێژکردنی لە نوێژکردنی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- بچێت وەکو فڵان؛ نوێژمان لە پشت ئەو مرۆڤەوە کرد، ولە نوێژی نیوەڕۆدا دوو ڕکاتی یەکەمی درێژ دەکردەوە، ودوو ڕکاتی کۆتایی کورت دەکردەوە، ونوێژی عەسر کورتتر بوو (لە نوێژی نیوەڕۆ)، ولە نوێژی مەغریبدا (سورەتە کورتەکانی بەشی -المفصل)*ی دەخوێند، ولە نوێژی عیشادا {بالشمس وضحاها -سورەتی الشمس-} وهاوشێوەکانی (لە درێژیدا) دەخوێند، ولە نوێژی بەیانیدا دوو سورەتی درێژی دەخوێند». *(سورەتە کورتەکانی بەشی -المفصل- واتا: لە سورەتەکانی ناوەڕاستی جوزئی -عم- هەتاوەکو سورەتەکانی کۆتایی ئەم جوزئە، یان لە سورەتی -الضحى- وسورەتەکانی سەرەوەی ئەم سورەتە لە جوزئی سی، یان سورەتەکانی: -العاديات، الزلزلة، الغاشية، الأعلى، والفجر، والبروج- وهاوشێوەکانیان -لە درێژیدا-، لێکدانەوەی جیاواز هەیە لە نێوان زانایان سەبارەت بە مانای -قصار المفصل- بەڵام ئەمە بەناوبانگترینە لە نێو زانایان)

[صەحیحە] [نەسائی گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

ئەم فەرموودەیە ئەوە ڕوونەدەکاتەوە کە یەکێک لە ئیمامەکانی -پێشنوێژەکانی- مزگەوتی نەبەوی؛ نوێژکردنی لە نوێژکردنی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەچوو، وشوێنی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەکەوت لە ڕوانگەی ماوەی درێژی وکورتی نوێژەکانەوە، بۆیە لە نوێژی نیوەڕۆدا دوو ڕکاتی یەکەمی درێژ دەکردەوە، ودوو ڕکاتی کۆتایی کورت دەکردەوە، ونوێژی عەسر بەهەمان شێوەی نوێژی نیوەڕۆ دوو ڕکاتی یەکەم درێژتر بوو لە دوو ڕکاتی کۆتایی بەڵام لە ماوەی نوێژی نیوەڕۆ کەمتر بوو (ئەمە لە گێڕانەوەی تردا هاتووە کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ماوەی ئەنجامدانی نوێژی نیوەڕۆی درێژتر دەکردەوە لە ماوەی ئەنجامدانی نوێژی عەسر)، ولە نوێژی مەغریبدا (سورەتە کورتەکانی بەشی -المفصل)*ی دەخوێند، ولە نوێژی عیشادا {بالشمس وضحاها -سورەتی الشمس-} وهاوشێوەکانی (لە درێژیدا) دەخوێند، ولە نوێژی بەیانیدا قورئانی زۆر دەخوێند؛ لە هەموو نوێژەکانی تر زیاتر قورئانی دەخوێند ئەمیش بە خوێندنی سورەتە درێژەکان بێت یان خوێندنی ئایەتی زۆر بێت لە سورەتە زۆر درێژەکان. *(سورەتە کورتەکانی بەشی -المفصل- واتا: لە سورەتەکانی ناوەڕاستی جوزئی -عم- هەتاوەکو سورەتەکانی کۆتایی ئەم جوزئە، یان لە سورەتی -الضحى- وسورەتەکانی سەرەوەی ئەم سورەتە لە جوزئی سی، یان سورەتەکانی: -العاديات، الزلزلة، الغاشية، الأعلى، والفجر، والبروج- وهاوشێوەکانیان -لە درێژیدا-، لێکدانەوەی جیاواز هەیە لە نێوان زانایان سەبارەت بە مانای -قصار المفصل- بەڵام ئەمە بەناوبانگترینە لە نێو زانایان)

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10918